کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:24 13-7-2007

**بڕیارنامەی پەرلمانی ئەورووپا دەربارەی پەنابەرانی عێراقی و پشتیوانیکردن لە مۆجاهێدینی شاری ئەشرەف**

دوانیوەڕۆی پێنجشەممە 12ی تەموز پەرلمانی ئەورووپا لە کۆبوونەوەی فەرمیی خۆی لە ستراسبورگ، بڕیارنامەیەکی پەسند کرد دەربارەی رەوشی پەنابەرە عێراقییەکان و ئەو کەسانەی بە زۆرەملی لە ژێگەی خۆیان دوور خراونەتەوە. لەم بڕیارنامەیەدا بە تێر و تەسەل باسی دەرد و ئازاری ئاوارە عێراقییەکان کراوە و ئەو گرفتانەی لە وڵاتانی دراوسێ بەرەڕوویان بۆتەوە. هەروەها لە بڕیارنامەکەدا داکۆکی کراوە لە مافەکانی گەلی ستەملێکراوی عێراق. پەسندکردنی ئەم بڕیارنامەیە باری نێونەتەوەیی ئەو عێراقییانە باشتر دەکات کە لە چنگ ستەمی حکومەتی ئێران ئاوارەی وڵاتان بوون.
لە خاڵی حەوتەمی ئەم بڕیارنامەیەدا باسی پێگەی مۆجاهێدینی جێگیر لە شاری ئەشرەف کراوە و تیایدا هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق لە دژی دانیشتوانی ئەشرەف بە توندی مەحکووم کراوە و داوای لێکردووە کە بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان رێز بگرێت لە مافەکانیان.
لەم بڕیارنامەیەدا، پەرلمانی ئەورووپا، هەڕەشەی دەرکردن و بڕینی سوتەمەنی و ئاوی خواردنەوەی بە توندی مەحکووم کردووە کە لە لایەن ژمارێك لە کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی عێراق لە دژی 4000 ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کراوە.
پەرلمانی ئەورووپا هەروەها داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکات کە بە پپَی یاسا نێونەتەوەییەکان رێز بگرێت لە مافەکانی دانیشتووانی شاری ئەشرەف کە لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا لە عێراق پەنابەری سیاسی بوون و بە پێی کۆنوانسیۆنی 4ی ژنێڤ مافەکانی «کەسانی پارێزراو»یان بۆ دیاری کراوە.
لە بەر گرینگبوونی ئەم بڕیارنامەیە، حکومەتی ئێران بە توندی دژکردەوەی لە خۆی نیشان داوە. دوو هەفتە بەر لە پەسندکردنی ئەم بڕیارنامەیە، حکومەتی ئێران تەواوی هەوڵی خۆیدا کە بەر بە پەسندکردنی ئەم بڕیارنامەیە بگرێت. بە تایبەت لە خاڵی حەوتەمی. بەڵام ئەم پیلانە بە وریایی و هەوڵی بێ وچانی نوێنەرانی بەشەێرەفی پەرلمان و بە تایبەتی ئەندامانی «کۆمیتەی دۆستانی ئێرانی ئازاد» لە پەرلمانی ئەورووپا پووچەڵ کرایەوە.
دەقی خاڵی حەوتەم بەمجۆرەیە:
" (پەرلمانی ئەورووپا) هەڕەشەی دەرکردن و بڕینی سوتەمەنی و ئاوی خواردنەوە لە دژی 4000 ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی رەت دەکاتەوە کە لە ماوەی بیست (20) ساڵی رابردوو لە عێراق پەنابەری سیاسی بوون و خاوەن پێگەی یاسایی «کەسانی پارێزراوی کۆنوانسیۆنی 4ی ژنێڤ»ن و داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکات کە بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان رێز بگرێت لە مافەکانیان".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.